لە ناوچەی دیرحافری حەلەب شەڕ لە نێوان هێزەکانی ئاسایشی سوریادا ڕویدا

هاوڕێی سوری رایگەیاند، ئەمڕۆ شەڕ لە نێوان هێزەکانی سوریای دیموکرات (هێسدە) و هێزەکانی ئاسایشی گشتی سوریا لە ناوچەی دیرحافری حەلەب ڕویداوە، ئەوەش کاتێکدابوە کە هێزەکانی ئاسایش بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ هێسدە، ویستویانە بچنە ناوچەکانیانەوە، بەبێ ئەوەی زیانێکان ئاشکرابکات.

ڕاوانگەی سوری بە مافەکانی مرۆڤ ئەمڕۆ سەشەممە بڵاویکردەوە، لەدەوروبەری ناوچەی دیرحافر لە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای حەلەب گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان هێزەکانی هێسدە و ئاسایشی گشتی سەر بە حکومەتی سوریا ڕویداوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، شەڕەکە کاتێك ڕویداوە کە هێزەکانی ئاسایش بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ هێسدە ویستویانە بچنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیانەوە و ئەوەش شەڕی لێکەوتوەتەوە، کە ئەم گرژییە لە کاتێکدایە کە ترسی ئەوە هەیە دەخێکە کێنتەڕە نەکرێت و پێکدادانەکان فراوانتر ببن.